کورتە چیرۆک

# عیشقی ئەبەدیم



نووسینی: ئەڤین

پاییزی ٢٠٢١

ڕۆژێك كاتی گەڕانەوەم بوو دوای تەواوبوونی كارەكەم كات درەنگی كردبوو، ناچار بە تەكسی بگەڕێمەوە ماڵەوە، وەلێ؛ تا ماڵەوە دڵ بە خورپە و ترسەوە بووم! چونكە لێرە كاتێك كچێك دەبینن بە تەنیایە ڕاستەن زەینیان لەگەڵ شەیتان یەك دەگرێت بۆ پەلاماردانی. تا وەرێكەوت و گەشتە بەر دەرگای ماڵەوەمان من ترسم لێ زیاتر دەبوو خۆ ئەمە یەكەم جاریشم نەبوو بەتەنیا وەگەڕێمە ماڵوە بەڵام هەرجارێك بەتەنیا ب، زیاتر ترسم لێ دەنیشێتەوە.

من "فەرەنگیز" یەكێكم لە شارنشینەكانی كوردستان بواری دەروونیم تەواوكردووە و ئێستا ڕاوێژكارێكی دەروونیم هەر ڕۆژە و ئازارێكی نوێ دەبیستم هەر كچێك دێت بۆ لام باسی ئازارەكانی دەكات ڕاستی بڵێم ترس لە من زیاددەكا، زیاتر و زیاتر لە پیاوان دەترسم، یەكێك دەستدرێژی كراوەتە سەری لەلایەن باوكی، یەكێكی تر لەلایەن خاڵی، یەكێكی تر لەلایەن دۆستی دایكی یان دڵداری خۆی. دەی با زیاتر قوڵ نەبمە ناو نووسینەوە، من وام كە دەنووسم خۆم ون دەكەم لەكوێم؟ لەناكاوێك وەئاگا دێمەوە كە چی ببێ! چەندین پەڕەم پڕكردووەتەوە، بەڵام دوایی دەگات بەچی نووسینەكانم هیچ گشتیان فرێدەدەمە زبڵدانەكەی تەنیشتم.

من و دایکم لە ماڵێك دەژیاین، باوکم ساڵانێك پێش ئێستا خودا ئامانەتەکەی لێ وەرگرتبوویەوە و منیش تاقانەی دایەم بووم، من خولیام بوو ببم بە نووسەر وەلێ نەمدەتوانی ڕستەکان بەیەك ڕیزبکەم و ڕۆمان و چیرۆکێك بهۆنمەوە.

چەند نەخۆشێکم هەبوون کە دەهاتنەوە سەردانم چەند وشەیەکیان دەوت، من دەمویست بەبێ بەفیرۆدانی یەك چرکە وتەکانیان بنووسمەوە، بۆیە هەمیشە ڕیکۆردی دەنگیم دادەنا...

## چەن وتەیەکی کچەفریشتە ئاسەکەمم بیرە:

- دانەیەکیان کە چەندین ساڵ لە ژێر پێخەفی دەستدرێژی کردنی باوکی و مامی مابوویەوە، یەکەم دیدار کە پێم ئاشنابوو، پێش هەموو شتێك پرسیم: دەتەوێت شتێك بڵێیت؟ یان بیکەیت کچی جوانم؟

وتی: دەمەوێت بڕۆم، بڕۆم بۆ شوێنێك دوور لە زەوی، بۆ شوێنێکی دوور لە مرۆڤ، لە گۆشەیەك بم و کەس لام نەبێت و سەیری ئەو مرۆڤانە بکەم کە باشبوونیان بێڕادە بوو، وەلێ پەڵەی ڕەشیان بەنێو چەوانەوە بوو کاتێك ڕوویان

نیشاندا، دەمەویت بڕۆم سەیری ئەو مرۆڤانە بکەم که هیچ بیرکردنەوەیەکی خراپم بۆیان نەبووە..(ئەم چەن دێرەیە مێشکمی جەنجاڵ کرد).

دوای چەند سەردانییەك و دەستگیرکردنی بەناو باوك و مام کچە فریشتەئاساکەم، کە تەنیا تەمەنی ١٦ ساڵ بوو به دووگیانییەوە خۆی بە پەتی ئازادی هەڵواسی...!

ئاخر ناکرێت کچێك لە بەهاری ژینی بێت و کەچی هەڵوەرینی دەستپێبکات!

من دوای بینینی وێنەی کچە فریشتەئاساکەم لە مانشێتی ڕۆژنامە کە لەژێرەوە نوسرابوو بەهۆی دەستگیرکردنی باوك و مامی، کچە بێلانە و بێچارە دەبێت، ناچار پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات.

ئاخر هەواڵی ناڕاست بۆ؟ ئەمما ئەوان نازانن ڕاستی چیرۆکی کیژەلاو چییە...

گشت شەوێك بەر لە خەوتنم چاو بە میدیاکاندا دەخشێنم دەبینم کچێك مرد، کچێك کوژرا، کچێك بێ هەواڵە، کچێك ڕفێندرابوو بەڵام ئێستا تەرمی لە ئاودا دۆزرایەوە.

ئاخر پێم نالێن چۆن دەستتان دەچێتە گیانیان و دەیانکوژن؟

"چۆن دەکرێت بەرامبەر لاشەیەك دانیشیت و بیر لە کەللەی سەری بکەیتەوە کە ڕەنگە لەناو سەریدا دوونیایەك خەیاڵی جوان و پلانی تێدابێت، چۆن دەکرێت بەرگە بگریت لە بەرانبەر چاوانی داخراوی کە ڕەنگە ساڵانێك بێت چاوەڕێی دیداری کەسێك بێت، بیر لە پەنجە جوانەکانی بکەیتەوە کە بەهرەیەکی خودایی تێدا بێت، کە ئاوا لە بەردەمت سارد و مات ڕاکشاوە ڕەەنگە لەبەر دڵی تاکە کەسێك جلێکی لەبەر کردبێت، ئاخر چۆن دەستتان دەچێتە کوشتنی ژنان بەو هەموو جوانییەوە کوشتن کارێکی ئاسان نییە مەگەر بە ئەستەم مرۆڤایەتیت تێدابێت دەستت بچێتە بۆ ڕۆح کێشانی ژنێك."

ئەگەر پیاوان بیر بکەنەوە بە کوشتنی تاکە ژنێك چ جوانییەك لە سروشت لەناو دەچێت، ئەوا لەتەنیشت سەری گوللەیەك دەدات بەسەری خۆیەوە لە تەنیشت ژنەکەوە دەکەوێتە سەر زەوی...

ئەمڕۆ زۆر هەست بە خراپی دەکەم، هەست دەکەم لەوپەڕی خراپیدام جا بۆ درۆ بکەم هەر کەسێك لەم ڕۆژانە لەخۆڕا دەکوژرێت ترس خەم و پەژارە منێك کە حاڵی هەموو کچانی کۆمەڵگاکەم دەهێنمە چاکبوون بەڵام ئەمڕۆ ناتوانم هیچ شتێك، بۆ حاڵی خۆم بکەم.

چوومە باخچەی نزیک ماڵمان دیم کچێك تەمەن ١٧ ساڵ لەبن دارێك خەو بردبیویەوە، چوومە لاسەری تا لەخەو هەستا، کە سێبەرێکی لاسەری دی ترسێکی لێ نیشت، دەستم دا لە قژی و وتم: مەترسە کچی جوانم!

وتی: من فەیروز تۆ کێیت؟

خۆم پێی ناساند و پرسیم کە بۆچی لێرەی و کوان دایك و باوکت؟

وتی: من جگە لە خوا هیچ کەسم نییە.

وتم: بۆ نابیتە میوانم بۆ ژەمی ئێوارە؟ ئەسڵەن خۆیشم باش نیم و ببە بە دەرمانی حاڵم، ڕازی نەبوو بەڵام فەیروز گیان کوێی هەیە بۆی بچێت؟

بەر لەوەی بگەمە ماڵەوە بە نامەیەك دایکمم تێگەیاند،

چوومە ماڵەوە، پێشوازیەکی گەرم لەلایەن دایکمەوە کرا بۆ کچە بەیبوون ئاساکەم.

دواى نانخواردن و قسەی شیرینی دایکم، دوای دەرفەت وەرگرتن دایکم چووە سەر بەرماڵەکەی،لە کۆتاییدا من و فەیروز بەتەنیاماینەوە.

فەرەنگیز: فەیروز گیان شەوان لەکوێ دەمێنیتەوە؟

فەیروز: شەقام تاکە پەناگەمە دادە گیان.

فەرەنگیز: کەواتە ناشخوێنیت وانییە؟!

فەیروز: نا!

فەرەنگیز: ئەی دەتەوێت خوشکێکت هەبێت؟ بۆ نموونە وەکوو: من.

فەیروز  بەڵام تازە خۆ لەلایەن خواوە بێبەش کراوم.

فەرەنگیز : ئێ واتا ناتەوێت ببیتە خوشکی بچووکی من!

فەیروز: جا من کەی بەخت باشی بۆ هێناوم خوشکێکی وەك تۆم هەبێت؟

فەرەنگیز: ئێستا بەخت باشی هێنا بۆت ڕازیت یا نا؟!

فەیروز: مەگەر دەکرێت بلێم نا؟

دوای پێداگری من بەرانبەر دایکم چووە قوتابخانە، کچێکی هێندە ژیر و زیرەك خۆ ناکرێت لە خوێندن دابرێت، ئەو ڕۆژانەی پشوو بوو لەگەڵ خۆم دەمبرد، بەڵکوو کەمێك ڕەگەزی بەرانبەر بناسێت هەرچەندە ئەویش کەم ئەزموون نەبوو ل ەمن زیاتر ڕووداوی بینیوە.

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا هەواڵی مردنی دوو خوشك بڵاو بووەوە بەدەستی باوکی و لە چەمێکیش فڕێ درابوون هەر هاوتەمەنی فەیروز بوون،  بەم هەواڵە فەیروز زۆر حاڵی خراپ ببوو.

لەژووورەوە بوو تا شەو درەنگ هیچ یەکێك لە وانەکانیشی نەخوێند، لای من تا ڕاددەیەك ئاساییی بوو، چونکە من هەموو ڕۆژێك چیرۆکی وا دووبارە دەبینم و چارەسەری دەکەم و دەینێرم بۆ بەشی بەرپرس، بەڵام فەیروز نا وەکوو من، هەست و دڵ سارد نەبوو.

لەناو جێگامدابووم بینیم فەیروز دەیەوێت شتێك بکات بەڵام نەمزانی، هەوڵم نەدا لێی بپچڕێنم چاوەڕێم کرد تا تەواو دەبێت، کاغەزێکی پێدام نوسراوی لەسەر بوو، وتی: دادە گیان دەکرێت بەیانی لە فەرمانگەکەت ئەمە لەژێر وێنەی ئەو کچانە بدەیت لە دیوار و هەڵیواسیت؟

ڕاستی بڵێم ئۆقرەم بڕابوو بۆ خوێندنەوە چونکە قسەکردن لەگەڵ فەیروز هەر ڕستەیەکی وانەیەکە، نەیهێشت بیخوێنمەوە و وتی: لە فەرمانگە لەبەردەم ژنانی ئەوێ بخوێنەوە. نەمدەویست ڕازی بم بەڵام لەگەڵ فەیروز گیان مەگەر چی دەکرێت؟

زەنگی بەیانی لێیدا هەرسێکمان لەخەو هەستاین دوای نانخواردن هەر یەکە و چووینە سەرکارمان.

فەیروز: دادە گیان خۆ کاغەزەکەت لەبیر نەکردووە؟

نا ئەزیزم دەکرێت شتێك لەبیر بکەم کە نووسینی تۆی تێیدا بێت؟

فەیروز وتی: زۆر چاکە بۆیان بخوێنەوە.

باشە دڵی دادە دەیخوێنمەوە بێشك بە، فەیروزم گەیاند و بێ ئۆقرەبووم بۆ کۆکردنەوەی ژنانی فەرمانگەکە و خوێندنەوەی، بە هەمووانم ڕاگەیاندبوو کە فەیروز زۆر بە ڕووداوەکەی دوێنێ حاڵی تێکچووبوو، هەمووان دەیانناسی بە حوکمی ئەوەی چەند جارێك لەگەڵم هاتووە بە قسە پڕ پەندەکانی هەمووانی ئاڵودەی خۆی کردبوو، دوای کردنەوەی کاغەزەکە لە یەکەم دێڕەوە نوسرابوو: "ئەگەر خودا دوو باڵم پێ بدات بە تاریکی نیوە شەو بۆ ژوور بە ژووری کچانی نیشتمانەکەم دەفڕم و دەچمە لاتەنیشتیانەوە، چونکە دەزانم کەس نییە فرمێسکیان بسرێت. دەچمە ژوری ئەوانەی کە قەرار وایە بۆ بەیانیەکەی ببن بە بووکێکی بێدڵ، فرمێسکی ئەو کچە دەسڕمەوە کە بۆ عیشقە نهێنیەکەی هۆن هۆن دەگری و فرمێسك لەچاوی قەتیس نابێت و نابڕێت... دانە بە دانە ئەو کچانە لە ئامێزدەگرم کە بوونەتە قوربانی خۆشەویستی باوك و براکەی، ئەو کچە بێچارەیە کە بە نیازە خۆی بکوژێت

بسوتێت لە ئاگری دوونیا خۆی وێران بکات هەردوو باڵەکانمی پێ دەبەخشم با لێرە بڕوا".

دوای تەواوکردنی هەمووان دەستیان برد بۆ چاوانیان و داواکەی فەیروزمان جێبەجێ کرد و لە هەموو شوێنێك بڵاوەمان پێکرد.

نازانم چۆن کچێکە پڕ هەست دڵگەرم بەرانبەر بە ژیان کۆڵنەدەر نازانم چی بڵێم کە بەرانبەر وەسفی فەیروز کامڵ بێت..

چەندین ساڵ تێپەری دایکم لەسفرەکەمان کەم بوویەوە ئاخر من ڕاهاتبووم لە بێ باوکی، ئەمما نەبوونی دایکم نا، تام لەززەتی عیشقی باوکمم نەبینی حەسرەتی نەبوونی دایکیشمی هاتە سەر..

فەرەنگیزێکی شێواوتر لەسەر خوانەکە دەبیندرا، شکاوتر لە پێشوو، فەیروزێکی پڕهێز و شکۆ لەسەر خوانەکەبوو وەك هەمیشە هێزێك بوو بۆم من دایکمم لەبیر نەکرد وەها بە ئاسان، بەڵام خودا پەرجوویەکی ناردبوو بۆم کە وەك فریشتە خەمڕەوێن و جوان وەك بەیبوون ئاسا، من هیچکات دایکمم لەیاد نەکرد، بەڵام فەیروز لەگەڵم بوو هاوڕێکەم بوو ڕاهاتم، بەڵام ڕاهاتنیش وەها ئاسان نییە، بەڵام دەبێت قبوڵی بکەین من بەتەواوی ژاکاو بووم...

بەڵام دەتوت خودا ناردوویەتی بۆم تا دوای دایکیشم بەیەکجاریی نەشکێم.

کۆتا ساڵی خوێندنی ئامادەیی بوو هەموو کارێکم بۆی کردبوو تا بگا بەو خەونەی خۆم و دایکم هەمان بوو ببم بە پارێزەر، بەڵام نەکرا لە کۆتایی فەیروز یاسای بەدەست هێنا چوار ساڵی خوێندنی تەواوکرد پارێزەرێکی لێهاتوو و چاکی لێدەرچوو..

خەونی من و دایکم ئەو توانی بەدی بهێنێت، هەڵبەتە بە ویست و ئیرادەی خۆیەوە، گەرنا هیچ کەس ناتوانێت بێ ویستی خۆی بگات بەو ئاستەی چوار دەوری لێیان دەوێت.

بوو بە هاوپیشەم لە فەرمانگە جا گەر بڵێین پلەی لە من بەرزتر بوو ئای خوایە چ هەستێکی خۆشە! بە باشترین پارێزەری کچان و منداڵان ناسرا و ئەوەی من دەمویست دانە بە دانە هەوڵی بۆ دا و ئەنجامی دا، کچە لاوێکی شکاو ببێت بە نووسەر و پارێزەر دەبێت چ نیعمەتێك بێت بۆ کۆمەڵگا؟!

کورێکی وەك خۆی جوان و شاکار هاتە ژیانی بەناوی "ماکان" ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێنا.

تەمای سەفەرێکیان هەبوو هەر دەکرا ئەنجامی بدەن پەیوەندیی بەکاری ماکانەوە هەبوو، فەیروز هیچ ویستی لەسەر نەبوو، وەلێ دڵی ئۆقرەی نەدەگرت ماکان بەتەنیا بڕوا ڕۆژێك پێش سەفەرەکەیان داوام کرد لای من بمێننەوە کەمێك زامی ئەم چەند ساڵەم بۆ ساڕێژ بکات...

ڕازی بوون و خوانی ئێوارەمان تەواوکرد و شەوەکەمان بە خۆشی بەڕێکرد جا فەیروز هەمیشە عادەتی گردبوو بەوەی تەنیا خۆی قژم شانە بکات، مەگەر خۆی لام نەبێت ئینجا ئیجازەم هەیە خۆم شانەی بکەم، ئەو شەوە لای من دەخەوت، ئێستاش بیرمە دوا وشەکانی لە مێشکم دەنگ دەداتەوە!

ئاخر من نەدەکرا ڕێبدەم بەوەی ئەوان بڕۆن، دەبوایە بیرم لێ بکردایەتەوە، تا ئێستاش نەفرەت لە خۆم دەکەم کە ئەوەندە خەم ساردبوومە بەرانبەر مرۆڤەکان بێ هەست بوومە. فەیروز بە دەستە ناسك و بچکۆلانەکانی قژمی شانە کرد و کردی بە کەزیی ئەو شەوە فەیروز هیچ باش نەبوو حاڵی وەك ئەو کاتەی لێهاتبوو کە دووکچەکە هەواڵی مەرگیان بلاو بووەوە، ئەوەندە بۆنی کردم گومان لە دڵم پەیدا ببوو جارێکیتر بیان بینمەوە...

شەو لەگەڵ دەنگی ناڵەی فەیروز وەئاگا هاتم، وادیاربوو خەوی ناخۆشی بینیبێت، لەناکاوێك لەخەو هەستا و وتی: کوا ماکان؟

وتم: هەر لەویێ خەوتووە دیارە خەوت بینیوە!

وتی: ئەریێ، خەوێك هەر دەتوت پەیامبەرە بەڵام نازانم چیی وت، هەر بەڕاست نازانم بیرم نییە ئاخر.

وتم: دەی بیری لێ مەکەوە هی دڵخورپەی ئەوەیە کە بەیانی سەفەر دەکەن و ویستت لەسەری نییە.

وتی: نا پەیامێك بوو بۆ نەچووم بە ماکان بڵێم، ئای خوایە بیرم نەما چیی وت پیرەپیاو.

دوای دوودڵی و بێئۆقرەیی زۆری فەیروز، بە فشاری من خەوتەوە، بەڵام سەد خۆزگە نەدەخەوتەوە خۆزگە نەمدەهێشت بخەوێتەوە ئاخر من نەمهێشت ڕەنگە ئێستا زیندوو بان من تاوانبارم زۆر، دەزانن بۆ؟ خۆم ئەوم نارد بۆ باوەشی خاك، ڕێگەم دا خاك گیانی پاکی فەیروز لە ئامێز بگرێت. بەیانی کات درەنگی کردبوو بۆ گەشتەکەیان بەبێ نانی بەیانی و باسکردنی دوێنێ شەو چوون بۆ فڕۆکەخانە، هەرچەندە کەش و هەوا تەواو باش نەبوو بەڵام ناچار

بوون، ماڵئاواییم لە فەیروز و ماکان کرد و ڕۆشتن، بەر لەوەی بڕۆن وتی: دادە گیان ئاخر ئەوە دوونیایە گەر نەمتوانی بتبینمەوە گەر تەمەن ڕێیی نەدا لە ئامێزت ببکەمەوە لە ماڵەکەم چاپێکی کتێبەکەمم هەیە بۆمی بڵاوبکەوە بە دەم قاقاوە وەڵامم دایەوە، وای لە دڵی ساردم دەزانن هەندێکجار مرۆڤ ئەوەندە دڵ سارد نەبێت بۆ خۆشەویستانی، ڕەنگە چەندین ڕووداوی دڵهەژێن ڕوونەدات ئاخر من چ جیاوازیم هەبوو لەگەڵ ئەو باوکەی کە هەردوو کچەکەی ڕەوانەی مەرگ کرد، چ فەرقێکم هەبوو لەگەڵ ئەو مام و باوکەی کچەکەیان ڕەوانەی مەرگ کرد!

منیش فەیروزم ڕەوانەی مەرگ کرد کە هیچ ویستی لەسەر نەبوو تەنانەت کاتی ڕۆشتنیش فرمێسکی چاوانی نەدەوەستان، دوای سێ کاتژمێر نازانم چۆن هەستێك بوو ویستم لەسەر سەیرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی هەبوو ئەسڵەن هیچ کاتێك کاتم بۆ نارەخسێت لە ئینتەرنێت هەواڵ بخوێنمەوە و بە دیارییەوە دانیشم لە پەیجەکانەوە بینیم و نوسرابوو هەواڵی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە هەیە کە لە ئاسمانی پڕئومێد چەندین خێزان ئومێدیان لەناوچوو...

من ئەسڵەن بیرم نییە چیم کرد، بەس ئەوەنم بیرە پڕ بە ماڵەکەم هاوارم کرد "فەیــــروز". دوای بەهۆش هاتنەوەم چووم بۆ فرۆکەخانە، ئاخر بۆ کچێکی بێکەس و شکاو گەلێك سەختە خۆی بچێت هەواڵی مەرگی ئازیزی پارچەیەك لە ڕۆحی خۆی دڵنیا ببێتەوە.

لە فرۆکەخانە بووم کارەسات بوو، تەعزیەش وانەبووە هەریەکە و لە شوێنی خۆی شینی دەکرد، هەریەکە و لە شوێنێك جەرگی دەسووتا، من چەندە هەست ساردبووم خوایە! چۆن غیرەت گرتوومی سەیری شکاویان بکەم ئاخر هەندێکجار مرۆڤ باش نییە تاڵییەکانی ژیان ببینێت کە بەسەری داهات هەست بە لەدەستدان ناکات تەنیا وەك نەخۆشەکان توانیم بەشکاوی دانیشم چاوەڕێی هەواڵی دڵنیای مەرگی پارچەیەك لە ڕۆحم بکەم، دوای چەندین کاتژمێر چاوەڕێکردن هەواڵی گەیشت بە ناخێریی گیانم...

(هاووڵاتییانی ئازیز، تکام وایە هێمن بن و ڕەچاوی بارودۆخ و تەندروستیی دایك و باوکەکانی دیکە بکەن). ئێمە نەمانتوانی یەك لاشەی تەواو بهێنینەوە بەهۆی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکە، هیچ یەکێك لە سەرنشینان بە سەلامەتیی و لەشی تەواو نەماوەتەوە...

ئاخر هەواڵی وا غیرەتی دەوێت، هێزی دەوێت، من سارد وەك مردوویەك لە فرۆكەخانە هاتمەدەرەوە خۆ قیژە وناڵەی دایكە جەرگ سوتاوەكان، ئاسمانی پڕكردبوو ئاسمانیش پڕ ببوو! چونكە لەشەققەی تروسكەی د او بارانی وەراند، كەچی فەرەنگیزی بێهەست هەر لەڕێكردن بەردەوام بوو، ئاخر من ئاشقی فەیروز بووم ئەو دڵبەری من بوو، من تەواو شكاوم ئێستا!

گەر یەكێك هەبێت پارچەكانم كۆبكاتەوە، نووسەر بێت و پەیڤی جوانم لێ دەهۆنێتەوە! شاعیر بێت دەردی دووریی یار لە من دەنووسێتەوە! پەیكارتاشێك بێت بووكەڵەیەكی جوانم لێ دەرەچێت! وێنەكێش بێت جوانیی ژیان لە من دەنەخشێنێت، وەلێ گەر بكەومە دەستی كرێكارێكی زبر و نوسەرێكی بێئەزموون ومەعشووقێكی وەك تۆ عاشقێكی ناشرین و ترسناكم لێ دەردەچێت.

ئاخر فەیروز گیان من بێتۆ ڕانەهاتووم، من ناتوانم چی بكەم؟ نازانم من نازانم ددەبێت چی بكەم چی بنووسم وەك هیچ كەس نیم وەك فەیروز نیم كاتێك دەشكێم دەچەمێمەوە، پارچەكانم كۆدەكەمەوە و دەڕۆم. خۆزگە وەك فەیروز بام وەك ئەو بمتوانیایە بگریم، هاوار بكەم، بۆ ئامێزێك بناڵێنم بێهەست و

دڵسارد نەبم، تا شەو دانیشتم لەسەر مۆبیلەکەم، دووبارە ئاسمان لەشەقەی گریانی دا. وتم: با ئەم جارە بەتەنیا نەبێت هیچ نەبێت کە خۆم پێویستم بە ئامێزێکە بچم ئامێز بۆ ئاسمان بکەمەوە، لە ئامێزم بگری، چوومە باخچە دانیشتم لەبەر بارانەکە وەك ئەوەی ئاسمان بیەوێت ئاسوودەم بکات بۆیە گریا، ڕەنگە ئاسمانی ڕەش دڵی بۆ حاڵم سووتابێت، ویستی هەبووبێت ئاسوودەم بکاتم لەگەڵم بگری دڵم تەعزیەی هەبوو بەڵام چاوەکانم بێباك بوون لە ڕشتنی دوو دلۆپ باران بۆ ئارامی ڕۆح و دڵم. ئاسمان کە ئامێزێ بۆ کردمەوە توانیم کەمێك بگریم نازانم تا کەی لەوێ بووم بەڵام کە هەڵسامەوە خۆر وەدەر کەوتبوو تەواوی گیانم تەڕ ببوو، پێویستم بە فەیروز بوو تا قژم شانە بکات هەر لەو دەمە وەبەر خۆمەوە ورتاندم، تاڵە قژەکانم لەوەتەی پەنجەکانتی ون کردووە لە ئامیزی خۆی و لە گشت عالەم زوویر بووە، تاڵ بە تاڵی داوای برینی دەکەن، شانم سکاڵای هەیە بەرانبەر قژم کە گوایە لەوەتەی کورتبووەتەوە شانەکانم مافی تەواو وەرناگرن و پڕنابنەوە، لەدوای ونبوونت هەمووان گلەییان ئاڕاستەم دەکەن، بێرەوە تەواو وەڕس بووم لێیان چیدیکە تاقەتم نەماوە...

من سەختی وام نەبینیبوو نەمدەزانی کە پارچەیەك لە ڕۆحت ماڵئاوایی کرد دەبێت چیی بکەیت، من کە ڕۆژانێك زامی کچانی شارم تیمار دەکرد، ئەمرۆ دانیشتووم بەدیار زامی خۆمەوە وەبەر چاومەوە خوێنی لێ دەچۆڕێت.

باوەر دەکەن نازانم چی دەنووسم؟ نازانم چی دەڵێم ئاخر من هیچکات بێ فەیروز شتم نەنووسیوە، ئەسڵەن نەمدەزانی نووسین چۆن دەکرێت ئێستا لە حاڵی نامرادیی عاشقان حاڵی بووم، ئاخی فەرەنگیزێکی ترسنۆکی ئاوا بێهەست و سارد نەیدەزانی زامی عیشق چییە ئاشقبوون یانی چی!

من وازم لە فەرمانگە هێنا،تا مانگی یەکەم هاوڕێکانم دەهاتن بۆ دڵنەواییم دوای ئەوانیش کەم کەم دەهاتن بگرە هەندێکیان هەر نەدەهاتن، من سەیرم پێ دێی خودایە چارەی زامی هەموو ئەوانەم کردووە، ئێستا لەکوێن من کە پێویستم بە تیمارە؟

کەس لە دەورم نییە دوای فەیروز دەورم چۆڵبوو ئاخر خۆ بەرلەوەی فەیروز بناسم وا نەبووە بۆ ئێستا بە نەبوونی وای لێهات؟

نازانم بە تەواوی بوو بە ساڵێك یان نا بەسەر مردنی پارچەیەك لە ڕۆحم ڕۆشت بەڵام ئەوە دەزانم ئێستا خەریکی بەڕێکردنی کاتەکانی خۆمم بەرەو مردن

نزیك دەبمەوە. فەیروز ئاواتەکەتم نەهێنا دی، ئازیزم تەمەن ڕێنادا کتێبەکەت چاپبکەم ئاخر دڵ چۆن بەرگەی ژیان دەگرێت دوای تۆ من ئێستا لە وەرگرتنی چارەسەری کۆتاییم بۆ نەخۆشییەکەم کە شێرپەنجەی مێشکم تووش بووە، ئەگەرێکی وانییە بۆ چاکبوونەوەم وەلێ من خەم بۆ ئەوە ناخۆم داخی ئەوەم لە دڵە کە مردم دەمەوێت بێمەلات بەڵام چۆن؟ نازانم! دەمەوێت لاشەی منیش هەر لەو شوێنە فڕێبدەن کە تۆی لێ کەوتەخوارەوە هیچ نەبێت لە دوونیاکەی تر پێت ئاشتببمەوە، من ئێستا نازانم کەی دوایین دێڕم دەنووسم، بەڵام ئەوە دەزانم و دڵنیام لێی کە وادەی مەرگم زۆر زیاتر لە شادەماری ملم لێم نزیکە، من ئیدی هێزم نەماوە بینووسم، فەیروزم لێم زوویر مەبە، جەستەی بێهێزم دێتەوە لای تۆ و دایکم بێئۆقرەم بۆ دیدارتان، لە فەرەنگیزەوە خواتان لەگەڵ، گەر لە ژیاندا مام بە دکتۆرە دڵسۆزەکەمم وتوە کە ئەم چەند ڕۆژەی ماومە بنووسێتەوە، من هاتم بۆ لات فەیروز گیان.

من "هلن" دکتۆری فەرەنگیز خان، وەك ئێوە کە سەرەتا خوێندووتانەتەوە، نازانم چی ڕوودەدات بەڵام ئەوەم وەبەرچاو بوو کە عیشقی فەیروز فەرەنگیزی سووتاند دووریی فەرەنگیزی ڕووخاند و تواندیەوە.

من لە نووسین باش نیم، تەنیا دەزانم دەرمانی نەخۆشەکانم بنووسم ،بەڵام ئەوەی پێویست بوو باسی بکەم و پێویستی بە ڕێکخستنی ڕستەکان نەبوو ئەو شەوەبوو کە فەرەنگیزخان گیانی سپارد...

دوای دوو ڕۆژ بەپێدانی نامەکەی بە من، کە چیدی توانای نووسینی نەمابوو گیانی سپارد، لە شەوی قەدری مانگی ڕەمەزان ئەو شەوە حاڵی هیچ باش نەبوو، خۆم و باوکم لە نەخۆشخانە ماینەوە بە حوکمی ئەوەی باوکم بەڕێوبەری نەخۆشخانەبوو، داوام کرد خۆی بێتەلام ببمە میوانی فەرەنگیز خان، باوکم هات و قورعانێکی بەدەستەوە بوو، لەژووری فەرەنگیز خان بووم تا من کارەکانم تەواو کرد، لە زاری باوکمەوە کەدەیوت: ئەم فەرەنگیزخانە گەیشتە عەشقی ئیلاهی مردنێکی وا بە نسیبی من بێت کچی خۆم، بەر لە هاتنی فریشتەی مەرگ، داوای کرد کە کەمێك ئاوی بۆ ببەین، لە کاتێکدا دوو رۆژ بوو هیچی نەخواردبوو، هەمیشە دەیوت لەم ڕۆژانە دەگەمەوە عیشقی

ئەبەدیم، من بۆ دیداری عیشقم دەڕۆم تووخوا دکتۆرە خانم ڕێگریم مەکە بە دەرمان، من دەمەوێت بڕۆمە لای عیشقم.

دوای داواکردنی ئاو، باوکم هات و داوای کرد لایان بم  دەست و دەموچاوی تەڕ کرد، کەمێك دەستی جوڵاند باوکم دەیوت: ئەوەندەی بزانم نوێژی کردووە ئاخر فەرەنگیز خان  نەیدەزانی  شەوی قەدرە ئەسڵەن بەو کۆتاییانە نەیدەتوانی دانیشێت، دواتر بە وتنی "الله اکبر الله اکبر" چەند جارێك دووبارەی کردەوە و وتی: ڕەفیقان ئەوەتا گەیشتم بە عیشق ئیلاهی، سەیرکەن عیشقی من هات، هاتووە تا بمبات لەگەڵ خۆی من و باوکم ئەو کات هیچمان نەکرد ئەسڵەن مرۆڤ لەو کاتەیا نازانێت چی بکات، بگریەت، بترسێت، بڕوا نزا بکات، کڕنۆش بەرێت؟!

دوا وتەکانیم بیرە، وتی: دکتۆرە خان نەموت عیشقی من دێت بمبات، ئەها ئەوەتا فەیروزم هاتووە بمبای، دایە گیان بابەی شیرینم بۆ نافەرموونە ژوورەوە دە وەرن تووخوا، دکتۆرە خان زوویر دەبێت گەر سوپاسی ئەو نەکەن، بۆ ئاخر پەلەی چیتانە فەیروزی من، دکتۆرە تووخوا ببورە من دەبێت بڕۆم لە دایەم زوویر مەبە، من لەجێی ئەوان داوای بەخشین دەکەم.

باوکم چاوانی مرواری لێ دەباری، فەرەنگیزی فریشتەئاسا بەخەندە چاوی لێکنا!

من تا چەند هەفتەیەك لەژێر شۆکی ئەو شەوەوە مابووم، بەتەواویی ژیانم مەرگی وا جوانم نەدیبوو، خودا بیکاتە قسمەتی هەمووومان.

«**اللهم إنك عفو تحب العفو فاعف عني**»..

ئەوەی تۆی خوێنەر پێی ئاشنا بووتی ڕەنگە هیچ نەبێت، بەڵام بۆ من زۆرە گرنگبوو ڕوودانی چەند شتێك لە یەك چیرۆك كۆبكەمەوە، كە لەم ڕۆژانەی دوای كوشتن و مردنی ئافرەتان گەلێك زیادی كردووە،

كێ دەیزانێت من دەبم بە دەروونناس كە ل ەچیرۆكەكە باسم كرد، من لە واقیعدا خولیام دەروونناسی بوو بەڵام لە بەشێكی دیكە وەرگیرام.

كێ دەزانێت ڕەنگە بێكەسترین مەخلوق گەر یەكێك هەبێت دەستی بگرێت ببێت بە گشت كەسی، ڕەنگە ئەو خەوەی من هەمبوو بیهێنێتە دی، هەر بەڕاست كێ دەیزانێت لە كۆتایی چیرۆكەكە ئەو كچەی دەیوت بێكەسم دەبێت بە پارێزەر و وە كچێكی دیكەش بە نەبوونی خۆی ژیانی ئا:ۆز دەكات.

لێرەدا سەیرە تەنانەت ئەم كچەش بێكەس نەبوو باوەڕی بە ئیلاهی هەبوو، هەمووومان باوەڕمان بە خودا هەیە، بەڵام یەقینمان نییە كاتێك داوای شتێك دەكەین، تەنها خودا دەتوانێت ژیانت بگۆڕێت، فەیروز كچێكی بێكەس بوو، بوو بە باشترین كەس، خێزانی دروست كرد تەنانەت دوای مردنی فەرەنگیز بوو بە مەجنونی دێوانە بۆی، لێرەدا بووەستە و بزانە عیشق تەنیا بۆ ڕەگەزی بەرانبەر نییە.

لەفەرنگیزەوە بۆ ئێوە:

خودا ئەوی نارد بۆم بۆ ئەوەی تەنیایی ئەو کۆتایی پێ بێت و منیش بگەم به عیشقی ڕاستی، هەموو کارەکان خودا کردی و له توانایدابوو.

تۆش بووەسته له سەرزەنشت کردنی خۆت، ڕەنگه خودا ڕۆژێك ژیانت بگۆڕێت که خۆت ئەسڵەن بەو جۆره بیرت لێ نەکردبێتەوە.

(خودا لەبیر مەکەن، پشتی پێ ببەستن، وا مەزانه تەنیاییت و بێکەسیت، هەڵەی وا بەزەینتدا نەیەت، خودا هەمیشه لەگەڵتە، خودا خوڵقێنەرتە، چۆن تۆی لەیاد دەچێت؟ خودا زۆری خۆشدەوێیت، بۆیه تۆی وەک مرۆڤ هێناوەتە بوون.)

- کۆتایی -